## به نــاوى خــواى بەخشــندەو ميهرەبــان

**بە نــاوى گەلــــەوە**
**ئەنجــومەنى نيشتمانيى كوردســـتانى عيّــراق**
**ژمارەى دەرهيّنــان : ٩**
**رۆژى دەرهيّنــان : ٢٠٠٠/٤/١٩**

## " بــڕيــــار "

پشت بەودەسەلاَتەى كەبەپيّى بڕگـە ( ٣ ) ى مـاددە ( ٢ ) لـە ياسـاى ژمـارە (١٠ ) ى سـالّى ١٩٩٧پيّمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمايـەى كـە ئەنجوومـەنى نيـشتيمانيى كوردسـتانى عيّـڕاق لـە دانيشتنى ڕۆژى ٢٠٠٠/٤/١٩يدا ياساكارى كردووە ، بڕيارى دەرهيّنانى ئەم ياسايەمان دا ٠

## ياساى ژمارە ( ١ ) ى سالّى ( ٢٠٠٠ )
## يەكەم هەموار كردنى ياساى ژمارە ( ١٥ ) ى سالّى ١٩٩٩ى سەنديكاى ئەندازيارانى هەريّمى كوردستان

**ماددەى يەكــەم :**

ماددەى نۆيەم لەياساكەدا هەموار بكريّ ، بەم شيّوەيە بخويّندريّتەوە :

١) دەسـتەى گـشتى لـە هــەموو ئەنـدامانى سـەنديكا ، يابريكارەكـان ، كەبـەپيّى ئـەم ياسـايە ئيلتيزاماتى خۆيـان بـەجيّهيّناوە پيّكـديّت ٠ ئـەم دەسـتە گـشتيەش بـە بـالاَترين دەسـەلاَتى سـەنديكاكە دادەنـريّ و ، هــەر ٣(سـىّ) سـالّيش ، جـاريّ ، لـەمانگى كـانوونى دووەمـدا ، كۆبوونەوەى گشتيى ئاسـايى خـۆى لـە بارەگـاى سـەنديكاكەدا بـە بڕيـاريّكى ئەنجوومـەن و لەسـەر داواكردنـى سـەرۆكى سـەنديكا ( نـەقيب ) دەگيّڕيّـو ، لەوكۆبوونەوەيـەدا سـەرۆكى سەنديكاو هەشت ئەنـدام و دوو ئەنـدامى يـەدەگيش بـۆ ئەنـداميّتى ئەنجوومـەن وئەنـدامانى ليژنەى ( ئينزيبات ) هەلّدەبژيّريّو ، ( نصاب ) يـش بـەئامادەبوونى دوولـە سـيّى ئەنـدامانى دەستەى گشتى يا بريكارەكان ، ديّتە جىّ و ، ئەگەر نەشهاتەجىّ ، ئەوا ، لـەوبارەدا ، دواى تيّپـەڕبوونى پـازدەڕۆژ بەسـەركۆبوونەوەى يەكەمـدا ، هەلّبـژاردن لەهــەمان كـات و جيّگـەدا ئەنجام دەدريّ و (نصاب) يش بە ئامادەبوونى سيّيەكى ئەنـدامان يـا بريكـاران بـەجىّ ديّـو بەتەواو دادەنريّ ، دەنا ، ئەگەر وانەبىّ، ئەوا،ئەنجوومەن لـەم بـارەدا بـۆ خـوليّكى ديكـەش لەسەر كاروفرمانى خۆى ناپچڕىّ و بەردەوام دەبيّت ٠

٢) ئەگـەر هـات و ژمـارەی ئەنـدامانی دەسـتەی گـشتی لـە ( ٥٠٠ ) ئەنـدام زیـاتر بـوو ، ئـەوا ، هەڵبژاردنەكـە لـە ڕێگـەی بریكارەكانــەوە ئــەنجام دەدرێــو ، ڕێــژەی نوانـدنیش لەلایــەن ئەنجوومەن یائەوەی كە فرمانی هەڵدەسوڕێنێ ، بە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیكاكەشەوە ، دیاری دەكرێ.

**ماددەی دووەم :**

وەزارەتە پەیوەندیدارەكان ، پێویستە حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنەكار ٠

**ماددەی سـێیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڕیار لەسەر دانییەوە دەخرێتە كارو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاْودەكرێتەوە ٠

**د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێـراق**

## بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان

**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی كوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنــان : ١٠**
**ڕۆژی دەرهێنــان : ٢٠٠٠/٤/١٩**

## " بـڕیــار "

پــشت بــەو دەســەلاْتەی كەبــەپێی بڕگــە (٣) ی مــاددە (٢) لەیاســای ژمــارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەســەر ئەوبنەمایــەی كــە ئەنجوومــەنی نیــشتیمانیی كوردســتانی عێــڕاق لــە دانیــشتنی ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/١٩یــدا یاســاكاری كردوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا

**یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ( ٢٠٠٠ )**
**هەمواركردنی یاسای ژمارە ( ٩ ) ساڵی ( ١٩٩٩ ) ی سەندیكای**
**خاوەن پیشە تەندروستیەكەن**

**مادە ی یەكـەم :**

مادەی هەشتەمی یاساكە هەمواربكرێ ، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە